
# هۆکارەکانی هەڵوەشانەوەی خێزان لە هەندەران چین؟

**زۆرجار توێژەرانی کۆمەڵایەتی هێما بۆ ئەوە دەکەن، کە پەناخوازان و پەنابەرانی رۆژهەڵاتی دوای گیرسانەوەیان لە وڵاتانی رۆژئاوایی تووشی هەڵوەشانەوەی خێزانی دەبن. کوردانی هەندەرانیش لەو پەتایە بەدوور نین و بە تایبەتی زۆربەی هاوسەرانی گەنج دوای وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی و رەگەزنامەی ئەو وڵاتە کەمتر بایەخ بە یەکتری دەدەن و هەر ئەوەش بەرەو لێکترازانیان دەبات. بەشداربووانی ئەم راپۆرتە راوسەرنجی خۆیان لەسەر ئەو دیاردەیە بۆ گوڵان دەخەنەروو.**





### کچ ئەگەر پارەشی هەبێت مافی سەفەرکردنی نییە

لاوژە جەواد چالاکوانی بواری یەکسانی رەگەزی، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە چەندین هۆکاری سەرەکی هەیە کە وادەکات خێزانە کوردەکانی هەندەران رووبەرووی هەڵوەشاندنەوە ببنەوە، لەوانە جیاوازی دۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگیی ژنانی کورد لە ئەوروپا بەبەراورد بەکوردستان کە ئەمە کاریگەرییەکی زۆر هەبووە لە لێکترازانی خێزانە کوردەکانی ئەوروپا، خاڵی دووەمیشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشێکی زۆر لەو هاوسەرگیرییانەی کە لە ئەوروپا کراون، مەسڵەحەتی بوون، بۆیە بناغەی قایمی نەبووە».

لاوژە باسی ئەوە دەکات کە «زیاتر لە ٢٠ ساڵە پۆل پۆل کوڕانی گەنجی کورد ڕوویان لە وڵاتانی ئەوروپا کردووەو تەنانەت بەشێکی زۆریان خۆیان و ماڵی باوکیان تاڵان و حەراج کرد، تەنیا بۆ ئەوەی بگەنە ئەوروپا، بەڵام ئەم دیاردەی کۆچکردنە بۆ کچان بەم شێوەیە نەبووە، کچ ئەگەر پارەشی هەبووبێت، ئەوە بە هۆی مێینە بوونیەوە مافی سەفەرکردنی نەبووە، ئەوەش لە هەلومەرجێکدایە کە کچان زیاتر لە کوڕان خولیای ئەوروپا بوون، تاکەڕێگەیەکیش بۆ بەدیهاتنی خەونی گەیشتن بە ئەوروپا ئەوەبوو کە لەگەڵ کەسێك هاوسەرگیری بکات کە دانیشتووی ئەوروپا بێت. لە زۆر حاڵەتیشدا بۆ کچەکە گرنگ نەبووە لە گەڵ کێ زەواج دەکات، تەنیا گرنگ ئەوە بووە کە بگاتە ئەوروپا، تەنانەت شوویان بە پیرەپیاویش کردووە، بۆیە تەمەنی زۆربەی ئەو جۆرە هاوسەرگیرییانە تا ئەوکاتە بووە کە کچە بگاتە ئەوروپا و دەرفەتی جیابوونەوە بدۆزێتەوە».

### سەرجەم سیستەمی یاسایی لە وڵاتانی ئەوروپی بەرگری لە ئافرەت دەکەن

ئەو چالاکوانە جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە کوردستان هەر لە دادگاوە بیگرە تا دەگاتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کۆسپ و تەگەرە بۆ ئافرەتان دروست دەکرێت، بۆیە تەنانەت لە دارشتنی ژیانی خۆیان و منداڵەکانیشیان سەربەخۆ نین. نموونەشی بەوە هێناوە کە بەشێکی زۆری ئافرەتان لە کوردستان خاوەن ئابووری سەربەخۆ نین، گوتیشی «داهات و ئابووری سەربەخۆ یەکێکە لە گرنگترین بنەماکانی ژیان بەتایبەتی بۆ ژنان، لە ئەرووپا زۆربەی ژنان خاوەنی ئابووری خۆیانن و بەبێ هاوسەریش دەتوانن بژین، بەڵام لە کوردستان نەبوونی داهاتی سەربەخۆیی ژن وایکردووە زەمینە لەبار نییە بۆ ژنێك کە لەدوای جیابوونەوەش بتوانێت بەتەنها لەگەڵ منداڵەکانی بژیت. زۆرجار دەبینین کە لە دادگا زیاتر لە ساڵێك دەتهێنن و دەتبەن و کارەکانت تەواو ناکەن، هەندێك جار خەڵك تووشی نائومێدی دەبن و دووبارە دەگەڕێنەوە لای یەکتری، لەم نێوەدا و بۆ بە ئاکام گەیاندنی پرۆسەی تەڵاق ژنان هێچ دەسەڵاتێکیان نییەو چاوەڕێی رەحمەتی پیاو و یاسای پیاوسالارین رزگاریان بکات، لەلایەکی تر لە سایەی مەزهەب و دابونەریتی دواکەوتوو، ژینگەی کۆمەڵگەی کوردی لێواولێوە لە تانەو تەشەر و قسەو قسەڵۆك دژی ژنان، پێناسەکردنی ژنی موتەڵەقە بە بێوەژن هەڵاواردن ئیهانەتێکی گەورەیە بە ژنان. نەبوونی ئابووری سەربەخۆ بۆ ژنان و سیستەمێك کە خۆی و منداڵەکەی بپارێزێت و بەرپرسیاریەتی بەرامبەری نیشان بدات و جێگەو ڕێگەی بۆ دابین بکات و شەخسیەت و کەرامەتی لە کۆمەڵگەدا بپارێزێت».

لاوژە جەواد سەبارەت بە دۆخی ئافرەت لە ئەوروپا هێما بۆ ئەوە دەکات کە بەهۆی سێ خاڵی سەرەکی دەتوانن خاوەن کەسایەتی

خۆیان بن، ئەوانیش بریتین لە جۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی مۆدێڕن کە لەســەر بنەمای مۆدێڕنیتە و بەبێ قســەو قسەلۆك و بوختان پێکردن داڕێژراوە، خاڵی دووەمیشیان بریتییە لە ئابووری سەربەخۆ کە ئەمەش زیاتر کەسایەتی ســەربەخۆ لەلای ژنان بەهێز دەکات، خاڵی کۆتاییشــیان کە زۆرترین کاریگەری هەیە، بریتییە لە بوونی پشــتگیری تەواوی یاسایی، کە سیســتەمی یاسایی لە وڵاتانی ئەوروپا وەها داڕێژراوە کە ســەرجەم یاساکان بەرگری لێدەکەن، ئەم خالانەی کە باســم کرد وادەکات، پەیوەندی هاوســەرگیری لەنێوان ژن و پیاو تەنها لەســەر بنەمای خۆشەویســتی دەتوانێت پایەدار و بــەردەوام بێت، ژن لە ئەوروپا ئەگەر تۆزێــك وریابێت دەتوانێت تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندییەکی یەکســان و شــیاو بۆخۆی لە خێزاندا دابین بکات. هەر بۆیــە کاتێك خەڵکانی کوردزمان یاخود خەڵکی وڵاتە شەرقییەکانی دی کی دێنە ئەوروپا بەتایبەت ژنان کاتێك ئەو بارودۆخەو ژینگە لەبارە دەبینن، ناچار نین هیچ جۆرە سووکایەتی و توندوتیژییەك بەرامبەر بــە خۆیان و منداڵەکانیان قبووڵ بکەن. ســەبارەت بە منداڵەکانیشــیان ئەوە دایکە کە مافی ئەوەی هەیە منداڵەکانی خۆی پەروەردە بکات، بە حسابی ئەوە یاسایی کراوە کە ئەو منداڵە تا تەمەنی دەبێتە یاسایی، ئەوە مانگانە دەبێت باوکەکە بە دیاریکراوی بڕێك پارە بدات بە دایکەکە لە هەمانکاتدا منداڵەکان دەتوانــن هەفتەیەك لای دایکیان و هەفتەیەك لای باوکیان بن، لەم بارودۆخەدا هیچ کامیــان پارە نادەن. ئەگەر یەکێك لەم دوو لایەنە کێشەی ئیدمان، دەروونی، یاخود توانای ئەوەیان نەبێت کە ئاگایان لە منداڵەکانیان بێــت، ئەوە لایەنەکەی تر هەقی تەواوی دەبێت بۆ پەروەردەکردنی منداڵ. ئەگەر بۆ نموونە باوکەکە کاریگەری خراپی لەســەر منداڵەکان هەبوو، ئەوە دایکەکە دەتوانێت ئەمە لەڕێگەی دادگاوە بسەلمێنێت و مافی بینینی منداڵەکە لە باوکەکە بسەنێتەوە، ژن کاتێك دەبینێ وەك ئینسان چاوی لێدەکرێ و کەسایەتی بە هیچ کەسێکەوە نەبەستراوەتەوەو لەڕووی یاساییەوە لەگەڵ پیاو بەرامبەرە، ئــەوا ئامادە نییە لە ژیانێکی ناخۆش و پڕ لە ســووکایەتی بژیت، بەڵکو ڕێگەی جیابوونەوە هەڵدەبژێرێت، واتە لە ئەوروپا بەگشــتی ئینسانەکان ئازادترن و شەخسیەت و کەرامەتیان پارێزراوە».

## لە ئەوروپا مرۆڤ ئازادترەو توانای بڕیاردانی لەسەر چارەنووسی خۆی زیاترە

سەبارەت بە هەمان پرس تریفە ئەحمەد چالاکوانی بواری ئافرەتان لەوڵاتــی بەریتانیا، بەمجۆرە بۆ گــوڵان هاتەئاخاوتن «بێگومان بەشێکی زۆری ئەو زەواجانەی کەلەنێوان خێزانە کوردەکان روودەدەن لەئەورووپاش هەر لەســەر بنەمای کەلتوورییە، واتا شــتێك نییە کە توانیبێتی خۆی لەو کەلتووره ڕزگاربکات و بەشــێوەیەکی گشتی زەواجەکان لەســەر بڕیاری عادەت و کەلتووره و هیچ شتێکی نوێی تیدا نییە، ئەمەیە کێشــەکە دوای ئەوەی کە ئەو دووکەسە دەچنە ئەوروپــا دەبینن ئەوان هیچ پێکەوە ناگونجێــن و بەتایبەتی دوای تیپەڕبوونــی کات، ئەم دووانە بۆیان دەردەکەوێت کە دوو کەســی زۆر لە یەك جیــاوازن، ئەوکات ئەگــەری جیابوونەوە زۆر دەبێت، ئەگەر باســی جیاوازی ڕێژەی جیابوونەوەش بکەین لە کوردستان و بەراوردی بکەین بەو خێزانە کوردانەی کە لە ئەوروپا ژیان دەبەنەسەر، ئەوکات شــتێکمان بۆ دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە بەپێچەوانەی ئەوروپا لە کوردستان هاوســەران گەر ناکۆکیی ئاڵۆزیشیان هەبێ جیابوونەوەیان بە ئاسانی دەستەبەر نابێت، یاسا هەمیشە هەر گوێ لــە پیاو ئەگریت، بەڵام لە ئەوروپا مرۆڤ ئازادترە، بۆیە توانای بڕیاردانی زیاترە لەسەر چارەنووسی خۆی و قانوون پێشوازی لێ ئەکات و ژیانیشیان بۆ مسۆگەر ئەکات، واتا یاساکانیش ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە» .

## پێکدادانی شارستانییەت وادەکات هەزمی زۆر شت نەکەن

سازان مەدحی مەندەلاوی ماموستای زانستە سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییــەکان لە زانکۆی کوردســتان، هاوکات چالاکوانێکی ئەکتیڤــی بــواری ئافرەتانەو ســەبارەت بە شــیرازەی خێزانە کوردەکان لــە ئەوروپا دەڵێت «ناکرێت بڵێیــن خێزانە کوردەکانی ئەوروپــا ڕووبەڕووی هەڵوەشــاندن بوونەتەوە، بەڵکوو بەشــێکی زۆر لــەو خێزانانە کوردانەی هەنــدەران خێزانی زۆر جێگیرین و هیچیش ڕووبەڕووی هەڵوەشاندن نەبوونەتەوە، بگرە بەشێکی زۆر لەو کوردانــەی هەندەران زۆر گرنگی بــە پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان دەدەن».

ســازان مەدحی هێما بۆ ئەوەش دەکات کە کوردانی هەندەران بە هۆی دوورە وڵاتی و ئینتیمای نەتەوەیی و نیشــتمانی زۆر زیاتر گرنگی بە پەروەردەی منداڵەکانیان دەدەن بۆ ئەوەی ســەبارەت بە مێــژووی کورد نامۆ نەبن. گوتیشــی «دایك و باوکە کوردەکان لــە هەندەران بە هــۆی ئەوەی لــە دەرەوەی وڵاتن زۆر گرنگی بەهەســتی نەتەوایەتی لەلای منداڵ دەدەن و بۆ زیاتر ناساندنی مێژوو و کەلتووری کوردی هانی منداڵەکانیان دەدەن. واتا ئەگەر ئێمە تەماشا بکەین ئەو منداڵانەی کە لە ئەوروپا لەدایکبوون زۆر دڵسۆزن بۆ نیشتمانی رەسەنی خۆیان و دایك و باوکانیش هەستی نەتەوەییان پەروەردە دەکەن».

ســازان مەدحی جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەڵوەشــاندنەوەی خێزان زیاتــر لەو خێزانانــە ڕوودەدات، کە عەقڵییەتــی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییان لە یەك جیا ناکەنەوە و «پێکدادانی شارستانییەت» وادەکات هەزمی زۆر شت نەکەن.

ئەو کەســایەتییە ئەکادیمییە ئــەوەش دەخاتەڕوو کە کۆمەڵگەی کــوردی و ئەورووپــی زۆر جیاوازە، چونکــە «لە کۆمەڵگەی ئەورووپی تاکەکان هەموویــان ئازادن لەوەی کە چ جۆرە ژیانێك هەڵدەبژێرن، بەپێچەوانەی کوردســتان کە ژیانــی تاکەکان زۆر دیاریکراوە». هۆکارێکی دیکەی تێکچوونی شــیرازەی خێزانی کوردانی لە هەندەران بۆ هاوسەرگیری بە پێوانەی هەڵە گەڕاندەوە و گوتی «بەشێکی زۆر لەو هاوسەرگیرییانەی کوردانی هەندەران لەسەر شــێوازێکی هەڵە بووە، چونکە زۆرجار کچەکە کوڕەکەی نەبینیــوە و تەنیــا وێنەیەکی کوڕەکەیان دەهێنــا و کە دەیانزانی لەهەندەرانە یەکسەر کچ شــووی پێدەکرد، هەرچەندە ئێستا ئەوە نەماوە یــان زۆر کەم بووە، بەڵام لە ڕابــردوودا هەبوو. هەروەها لە کوردســتان جیابوونەوە زۆر عەیبە و کێشــەی زۆرە، بەڵام لە ئەوروپا زۆر ئاســاییە کە ژنێك لەگەڵ مێردەکەی جیابێتەوە، واتا ئەگەر ژنێك تەڵاق درابێت، هیچ هەســت بە کەمی سەزنشــتی دەوروبەری ناکات، وەك کوردســتان نییە کە کۆمەڵگە هەمیشــە نیشانەی پرســیاری لەسەر ئافرەتی تەڵاقدراو داناوە، هەروەها لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی یاســا مافی ژن و منداڵی پاراستووە، بەڵام لە کوردســتان رەنگە زۆر ژن لەترســی دادگاو لەبەر ئەوەی کە منداڵەکانی لێنەســەندرێ، ناتوانێت داوای تەڵاق بکات، چونکە دەزانێت یاسا هیچ بەرگرییەکی لێناکات».

تریفە ئەحمەد:

**بە پێچەوانەی ئەورووپا لە کوردستان هاوسەران گەر ناکۆکیی ئاڵۆزیشیان هەبێ جیابوونەوەیان بە ئاسانی دەستەبەر نابێت**

سازان مەدحی مەندەلاوی:

**گەرچی بەشێکی زۆر لەو کوردانەی هەندەران خێزانی جێگیرین بەڵام هاوسەرگیری بە پێوانەی هەڵە و پێکدادانی شارستانییەت هۆکاری جیابوونەوەکان بووە**

لاوژە جەواد:

**بەشێکی زۆر لەو هاوسەرگیرییانەی ئەوروپا مەسڵەحەتی بوون و بناغەیەکی قایمی نەبووە**




# هۆکارەکانی نائۆمێدی و نامۆبوونی گەنجان



**گەنجان بە پتانسیل و وزە و هێزی هەر کۆمەڵگەیەک هەژمار دەکرێن و پێویستە سوود لە توانایی و کارامەییان وەربگیردرێ و هاوکات ژینگەیەکی شیاوی خێزانی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییان بۆ دروست بکرێ. ئەوەی جێی تێڕامان و لەسەر وەستانە**

### گەنج لە هەرێم و دەرەوەی کوردستان

ئیبراهیم رەمەزان خۆشناو چالاکوانی بواری مەدەنی و قوتابی ماستەر لە وڵاتی بەریتانیا دەڵێت «گەنجی کورد لە چاو گەنجی وڵاتانی دی زۆر هۆشیارترە، بەڵام سیستم و شێوازی دەسەڵاتی سیاسی و حکومەت لە هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی زۆری لە دەوڵەتدارییەکی خاوەن پلان بۆ گەنج پێ نییە، ئەوەش وایکردووە گەنج بێئۆمێد بێت، واتە هەم حکومەت و هەم حزبەکانیش پرۆژەیەکی بەپلان و بەرنامەیان بۆ گەنج نەبووە»، نموونەشی بەوە هێناوە کە حکومەت پرۆژەی هەبووە بۆ ئەو کەسانەی زانکۆ و پەیمانگە تەواو دەکەن و بری (١٥٠) هەزار دیناریان پێدەدرێت، ئەوەش بە سێ مانگ جارێکە، بەڵام لە وڵاتێکی وەکو بەریتانیا سەنتەرێکی دۆزینەوەی هەلی کار هەیە بۆ هەموو گەنجانی تەمەن سەرووی ١٨ساڵی بە ناوی (Job center) کە ئەم سەنتەرە بەرپرسە لە دابینکردنی هەلی کار بۆیان و بە گوێرەی پێویستی وڵات خولی تایبەتیان



# لە کۆمەڵگەو ڕێکارەکانی چارەسەری چین؟

**ئەوەیــە کە زۆر جار لە ڕاگەیاندنەکان باســی نائۆمێدی و نامۆبوونی گەنج لە کۆمەڵگە دەکرێ، بەڵام هۆکارەکانی چین و چۆن چارەسەر دەکرێن؟ لەوبارەیەوە بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتە ڕاوسەرنجی خۆیان بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.**



بۆ دەکاتەوە، لە هەمان کات ئەو گەنجەی نەتوانێ کاری بۆ دابین بکات، ئەوە ئەو سەنتەرە پارەی مانگانە، یان هەفتانە بۆ بژێوی ژیانی دابین دەکات بەبێ جیاوازی و بۆ هەمووان وەك یەك..».

### لەم وڵاتە پڕنەوتە پرۆژەیەکی ستراتیژی بۆ دابینکردنی ئایندەی گەنج نابیندرێ

ئیبراهیــم ڕەمەزان لەوەڵامی ئەو پرســیارەدا کە چی بکرێت، بۆ ئەوەی گەنج داهاتوویەکی گەشــی هەبێت و لە نائۆمێــدی ڕزگاری بێت؟ وتی «دەبێت حکومــەت پلانێکی تۆکمــەی هەبێت بۆ بەڕێوەبردنــی دامودەزگاکانی و کردنەوەی چەندین کارگەی پیشەســازی و کشتوکاڵی بۆ ئەوەی هەلی کار دابیــن بکرێت و ببین بە وڵاتێکی خۆژێن و بەرهەمهێن، نەك وڵاتێکی بێ بەرهەم»، وتیشــی « لەم وڵاتە پڕنەوتەی ئێمە پرۆژەیەکی ستراتیژی و بەرچاو بۆ دابینکردنی ئایندەی گەنج و کۆمەڵگە نابیندرێ».



ئیبراهیم رەمەزان :

**حزب و لایەنە سیاسییەکان لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکان پێویستە کەسانی زیرەک و گەنج ئامادە بکەن بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ ئەوەی لە کەموکورتی ژیانی گەنج تێبگەن و خۆیان چارەسەری کێشەی خۆیان بکەن**



دانا سەعید سۆفی :

**چینێکی گەنجان هەن کە چینەکانی خوارەوەن، یان دوورن لە کەسێک کە پێگەیەکی بەرزی هەبێت، ئەوکات ئەو گەنجە هیچی بۆ ناکرێت و تووشی نائومێدی دەبێت**

ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە رەخنە لەوە دەگرێت کە لە بواری پەروەردە و خوێندنی بـــاڵا کەموکوڕی زۆر هەیە و دەڵێت «زۆری و بۆری زانکـــۆی ئەهلی و زیادکردنی ڕەمەکی بڕوانامە بەبێ زەمینەسازی بۆ هەلی کار زیانی لە سوودی زیاتـــرە». پێشـــنیاری ئەوەش دەکات کە لە ســـەروبەندی هەڵبژاردنەکان حزب و لایەنە سیاسییەکان کەسانی زیرەك و گەنـــج ئامادە بکەن بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ ئەوەی لە کەموکورتـــی ژیانی گەنج تێبگەن و خۆیان چارەسەری کێشەی خۆیان بکەن».

## زۆر گەنج هەن ئامادەن بۆ گەیشتن به سەربەخۆیی وڵاتەکەیان گیانفیدایی بکەن

شاخەوان خالید کەسایەتی یاسایی و سەرنووسەری رۆژنامەی میدیا، لە دەستپێکی قســـەکانیدا بۆ گوڵان هێما بۆ ئەوە دەکات کە گەنجانی کورد لە هەر بەشـــێکی کوردســـتانی گەورەدا کێشـــەی تایبەت بە خۆیان هەیەو گوتی «گەنج هەیە ئینتیمای بۆ نیشـــتمانی خۆی نەماوەو تەنانەت بە کوردســـتانی رزگارکراویش دڵخـــۆش نییە، زۆر گەنجیش هەن کە ئامادەن بۆ گەیشـــتن بە سەربەخۆیی وڵاتەکەیان گیانفیدایی بکەن»، وتیشـــی «گەر تەنیا باسی گەنج لە باشووری کوردستان بکەین، دەبینین ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشـــەی جۆربەجۆر دەبنەوە، بەشێك لەو کێشانە پەیوەندی بە دەســـەڵاتی سیاســـییەوە هەیەو بەشێکیشی پەیوەندی بەخودی خۆیانەوە هەیە، بۆیە پێویستە سەرەتا دەسەڵات لە پرۆسەی حوکمڕانی خۆیدا بەرنامەی ستراتیژی و تایبەتی بۆ گەنج هەبێت و دواتـــر گەنجانیش خۆیان بەرنامەیەکی دیاریکراویـــان بـــۆ ژیانی خۆیان هەبێت، گەنج پێویســـتە هەوڵی خۆپێگەیانـــدن بدات، بۆ نموونـــە گەنج دەتوانێت سوود لە تەکنەلۆژیا وەك ئەنتەرنێت وەربگرێت و دەشتوانێت خۆی ئاڵوودەی شتی لاوەکی بکات، بۆیە سەرەڕای ئەوەی فەرمانڕەوایان دەبێت بەرنامەیەکی گشتگیرو تۆکمەیان بۆ بەرەوپێشـــبردنی گەنجان هەبێت، خودی گەنجیش پێویستە تواناکانی خۆی پشتگوێ نەخات و بەشداری ئەکتیڤی لە گشت جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسی و ئیداریی وڵاتدا هەبێت».

## ئەو گەنجانەی حزبی نین هیچ ئاسانکارییەکیان بۆ ناکرێت

ســـۆنیا محەممەد کچێکی فەرمانبەرەو نیگەرانی خۆی لـــەوە دەردەبڕێت کە «زیاتر ئـــەو گەنجانەی حزبی نین، فشاریان لەســـەرەو هیچ ئاســـانکارییەکیان بۆ ناکرێت»، نموونەشی بەوە هێناوە کە «تەنیا حزبییەکان لەپرۆژەکانی تواناسازی و قەرزی بچووك و ئیفادکردن بۆ دەرەوەی وڵات سوودمەند بوون، گەنجانی بێلایەن بەهیچ شێوەیەك سوودیان لەو پرۆژانە وەرنەگرتووە، ئەمە ژیانی گەنجی کوردە، ئیتر چاوەڕوانی چـــی بکەین و چۆن بتوانین لەکۆمەڵگەیەکی ئاوەها بێسەروبەردا گەنجی داهێنەرمان هەبێت؟».

## راگەیاندن وەك پێویست کار لەسەر بەتواناکردنی گەنج ناکات

عەلی کەریم ســـەرۆکی ئەنســـتیۆتی کورد بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی پەراوێزخســـتنی گەنجان و نیگەرانییان لەلادروســـت دەکەن، بە دوو بەشی «خـــودی» و «بابەتی» دەستنیشـــان دەکات و بەمجۆرە دەیخاتەڕوو «هۆکارە خودییەکان زیاتر پەیوەســـتن بەخودی گەنجـــان خۆیانەوە، واتە چەند هۆکارێکی خودی هەیە کە وایکردووە گەنج هەســـت بە نامۆبوون بکات، بەشێکی زۆر لەگەنجان هوشیارییان نییەو بەشێکی تریان بەرنامەیان بۆ ژیانی خۆیان نییەو بەشـــێکیش تمووحاتی زۆر گەورەیان هەیـــە، بەڵام بۆیان بـــەدی نایەت، ئەمـــە بێجگە لەوەی بەشێکی دی بەشـــێوەیەکی زۆر کوێرانە چاولێکەرییەکی زۆریان بۆ ژیانی خۆرئاوایی هەیە، فاکتەرە بابەتییەکانیش لەوانەدا کورت دەبنەوە کە دەسەڵاتی سیاسی ستراتیژییەتی کارکردنـــی لەســـەر پەروەردەکردنی گەنجـــان نییە، واتە حکومـــەت ڕەنگـــە ناوبەنـــاو لـــە ڕاگەیاندنەکانی باس







لەگەنجان بکات، بەڵام تەنیا باسکردنە و پراکتیکی نییە، راگەیاندنیش وەك پێویست کار لەسەر بەتواناکردنی گەنج ناکات، پارتە سیاسییەکانیش نەیانتوانیوە ببنە فێرگەیەك بۆ بەرهەمیهنانی گەنجانی کارامەو تەنیا گەنجیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە».

عەلی کەریم سیستەمی پەروەردەش بە فاکتەرێکی نائومێدی گەنجان دەزانێت و دەڵێت «سیستەمی پەروەردە نەیتوانیوە گەنجێکی بەرهەمهێن دروست بکات، ئەمە سەرەرای سیستەمی بەجیهانیکردنی عەولەمە بەگشتی دیاردەی خەمناکردن بۆ گەنجان بەرهەم دەهێنێت، چونکە وادەکات ئەو گەنجە بەرامبەر بە فەیسبووك و تویتەر قەتیس بێت و هیچ بەرهەمێکی نەبێت».

## ناعەدالەتی گەنج تووشی نائومێدی دەکات

لەلای خۆیەوە فاتح مەولەوی زادە سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس ڕایوایە «ڕەنگە هەوڵ وتواناکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك پێویست ئامانجی خۆی بۆ گەشەی گەنج نەپێکابێت، بەڵام نابێت بڵێین هیچ نەکراوە. بەڵام بەگشتی نەبوونی ستراتیژی تایبەت بۆ گەنجان گەورەترین کێشەیە، ئەوەتا چەندین گەنجی ئەم وڵاتە بێکارن، بۆیە پێویستە وەزارەتی پلاندانان پێشوەختەکاری خۆی بکات و پلانێکی بەهێز دابنێت، نەك کاتێك کێشەکە ڕوویدات، ئەوکات بیر لەچارەسەربکاتەوە». گوتیشی « بێگومان لەکوردستاندا ناعەدالەتی هەیە، بۆ نموونە لە پرۆژەی تواناسازی کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستییەوە سەرپەرشتی دەکرێت، کۆمەڵێك کەس بە تەزکیەی حزبی وەردەگیرێن کەئەمەش گەنجانی نائومێدکردووە کە دەشبینین زۆر گەنج هەیە بەکۆنمرەکانی بەتوانای نمرەی باش وەرگیراوە بەڵام هەشە بەبێ هیچ شتێك وەرگیراوە ناشزانین بۆچی ئەمەش ناعەدالەتیە بەرامبەر بەگەنج دەکرێت تووشی نائومێدیان دەکات».

## بەرهەمی مۆدێرنە لەگەڵ گۆڕانیکارییەکانی کۆمەڵگە هاوشان نییە

دکتۆر دانا سەعید سۆفی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە رەوشی گەنج و هۆکارەکانی نائۆمێدبوونی، دەڵێت «لە هەرێمی کودستان جۆرە پانتاییەکی ئازادی هەیە، ئەمەش جۆرێك لەپەرپرسیارێتی بۆگەنجان دروست دەکات، کە خۆی لە خۆیدا والە مرۆڤەکان دەکات، خۆیان بڕیار بۆ ئایندەی خۆیان بدەن. کۆمەڵێك فاکتەریش هەن کە وا لە گەنجان دەکەن هەست بەنائومێدی بکەن، لەوانە: لە هەرێمی کوردستان تێکەڵاوبوون لەگەڵ بەرهەمی مۆدێرنە بەشێوەیەك هاتووە کە هاوشان نییە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە، واتە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەگەڵ پرەنسیپە کۆمەڵایەتییەکان یەکنەگرتووە، ئەمەش وایکردووە کە بەشێك لەگەنجان بیانەوێت وەك بەهاکانی ئەو وڵاتانە بن، ئالێرەوە جۆرێك لە ناکۆکیی نێوان کەلتوور و شارستانییەت سەرهەڵدات».

دکتۆر دانا جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەبەر ئەوەی ئازادی رێکنەخراوە بە باشی سوودی لێوەرناگرێت، زۆربەی ئەوشتانەش بۆ گەنجان کراوە، ڕێکخراوەیی نەبووە، بۆ نموونە سلفەی عەقار و سلفەی زەواج هەیەو لەوانەیە نائومێدی گەنج کەم بکاتەوە، بەلام ئەمە تەنیا بەس نییە، قەیرانی بێکاری خۆی لەخۆیدا کێشەی سەرەکییە، چونکە زۆر گەنج هەن، لەزانکۆ دەردەچن و کاریان دەستناکەوێت». وتیشی «چینێکی گەنجان هەن کە چینەکانی خوارەوەن، یان دوورن لە کەسێك کە پێگەیەکی بەرزی هەبێت، ئەوکات ئەو گەنجە هیچی بۆ ناکرێت و تووشی نائومێدی دەبێت، ئەمەش فاکتەرێکی زۆر گرنگە کە گەنجانی ئێمەی رووبەڕووی نائومێدی کردۆتەوە، واتا بەشێکی زۆری کێشەکە پەیوەستە بە نادادپەروەرییەوە، کە گەنجێك هیچ شتێکی بۆ ناکرێت، بەڵام گەنجێکی دی لەهەموو رەفاهییەتی کۆمەڵگە سوومەندە».



فاتح مەولەوی :

**نەبوونی ستراتیژی تایبەت بۆ گەنجان گەورەترین کێشەیە، ئەوەتا چەندین گەنجی ئەم وڵاتە بێکارن**



شاخەوان خالید:

**دەسەڵات دەبێت بەرنامەیەکی گشتگیرو تۆکمەی بۆ بەرەوپێشبردنی گەنجان هەبێت، گەنجیش پێویستە تواناکانی خۆی پشتگوێ نەخات و بەشداری ئەکتیڤی لە گشت جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیداریی وڵاتدا هەبێت**